www.kurdistannet.org
27-3-2003 1:34

# نزار خەزرەجی هاڤاڵبەندی دوێنی سەددام و ( جۆرج w بوش) ی ئیمرۆ

کاوە ئەمین



نزار خەزرەجی لە ئامێزی (سەددام) دا ساڵی **١٩٩١** (وێنە AP)

ئیمرۆ (**٢٠٠٣/٣/٢٦**) گەورەترین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی سوێد (ئافتون بلادیت) ، وتارێکی دوور و درێژی لە بارەی تاوانبار جەنراڵ (نزار خەزرەجی) ، بڵاوکردەوە. ڕۆژنامەکە پاش ئەوەی باسی باکگراوندی خەزرەجی دەکات و دەڵێت: لە ساڵی **١٩٩١** دا بەرپرسی سوپای عێراق بووە، لە ساڵی **١٩٩٦** ڕادەکات و لە ساڵی **١٩٩٩** لە دانمارک دەگیرسێتەوە

خەزرەجی بە تۆمەتی ئەوەی تاوانباری جەنگە، مافی پەنابەرێتی پێ نادرێت لەو وڵاتەدا، بەڵام ناتوانن بیگێرنەوە بۆ عێراق لەبەرئەوە مەترسی کوشتنی لێ دەکرێت. نزار خەزرەجی لە لایەن پۆلیسی دانیمارکیەوە دەخرێتە ژێر چاوەدێریەوە و لەماڵەکەی خۆیدا دەست بەسەری دەکەن.

هەفتەیەک پێش ئێستا لە کاتێکدا بۆ پیاسەکردن دێتە دەرەوە لە ماڵەکەی خۆی و ئیتر ناگەڕێتەوە. ئێستا دەنگۆی ئەوە هەی کە خەزرەجی لە (کوردستان) ە، " بە یارمەتی عێراقی و سعودی و (سی ئای ئەی) لە سەرەتادا دەبرێتە سعودیە" بە قسەی قسەکەرێکی کۆنگرەی نیشتیمانی عێراقی.

ئێستا لە لایەن پۆلیسی دانیمارکیەوە بڕیاری گرتنی دراوە ئەگەر جارێکی تر بێتەوە دانیمارک. ژن و دوو کوڕەکەی نزار خەزرەجی لە دانیمارک دەژین. بە گوێرەی هەندێک هەواڵ باسی ئەوە دەکرێت کە نزار خەزرەجی جێگایی سەددام بگرێتەوە دوای ئەوەی ڕژێمی ئێستای عێراق دەروخێندرێت.

بە گوێرەی قسەکەرێکی کۆنگرەی نیشتیمانی عێراقی، خەزرەجی لە کوردستانەوە تەلەفونی کردووە وتوویەتی کە ئێستا لە لە کوردستان.

ڕۆژنامەکە لە سەری دەڕوات دەڵێت: نزار خەزرەجی **٦٤** ساڵە خەباتکەرێکی ئازادی خواز نییە و لەلایەن زۆربەی عێراقیەکانەوە قبول ناکرێت.

## کۆمەڵ کوژیی دژی کورد

ئافتون بلادت دەنوسێت: » دەوترێت خەزرەجی سەرکرادیەتی کەمپانیایەکی خوێناویی و وەخشایەنەی دژی کورد کردووە لە ساڵی **١٩٨٤ – ١٩٨٨**، کە تیادا **٢٠٠٠٠٠** (دوو سەت هەزار) کوردی تێدا لە نەوابرا، ناسراوترینیان کیمیاوی باران کردنی شاری هەڵەبجە بوو. وێنەی سەدەها ژن و منداڵی کوژراو دنیایان هەژاند. ئەوەی کە ئێستا سەرکردە کوردەکان یارمەتی نزار خەزرەجی دەدەن، مەتەڵێکە بۆ خۆی«. بەڕاستی کاکی ڕۆژنامەنووس باشی بۆ چووە. شتی وا مەگەر هەر لە کورد بوەشێتەوە بۆیە بیانیەکانیش لەم بەستەڵەکی باکوورەوە سەریان سوڕماوە لێی.